
## ویژدانتان ڕابەرتان بێ.......سیامەند علی نەریمان



هەرکەس لەئێمەی کورد بەو قۆناغەی پەرلەماندا تێپەڕیبێ ئەزانێ ئەو' شیعارە'لەهەڵبژاردنی ساڵی 1992 دا بوبوو بەجاچکەخۆشەی دەمی پارتی و یەکێتی. بەڵام کەسی کوردی لەکوردستانی باشوردا تائێستا ویژدانی لەڕابەری هیچ کامیانە بەدی نەکردوە،ویژدان چۆن چۆنی ڕابەرە کاتێک بەئاشکرا گەورە پیاوانی ی.ن.ک لەکۆبونەوەکنیاندا دەڵێن دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێی ڕزگاری گەلی عێراق بەتایبەتی ئایەتوڵڵا باقر حکیم.باشە ئەمە گەورەترین خیانەت نیە دەرهەق بەخوێنی شەهیدان،کام لەو شەهیدە جوامێرانەی ی.ن.ک بۆ ئازادی گەلی عێراق خۆی فیداکردوە.من دڵنیام یەکە بەیەکەیان بەڕوحێکی کوردایەتی و بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی خەونیان بینیوە.زۆربەی زۆریان دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991 کاتێ لەگوندەکان تەرمەکانیان بەرەو ناو کەسوکاری خۆیان دەگوێزرانەوە ،هەمومان بینومانە کەچۆن بەئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە تەرمی پیرۆزیان بەخاک دەسپێردرا.هەی بەناو سەرانی شۆڕشی چەوساوەو هەڵگرانی دروشمی' مافی چارەی خۆنوسین'بۆگەلی کورد .یەک تۆز وەفا بۆگیانی پاکیان و کفنەکەی بەریان.

تروسکەی ویژدان لەدڵتانا بەدی ناکرێ ،کاتێک خەڵکی بەئاواتی زۆر گەورەوە لەناوەو دەرەوەی نیشتیمان بۆ سەربەخۆی ئەژین ،کەچی ئێوە تازە لەسەر پۆستی وەزارەتەکان لەحکومەتی عێراقدا دەمتان لەیەکتر گیر بووەو ڕێ ناکەون. کەلەڕاستیدا ئەو حکومەتە ئەگەر ببێ و سەربگرێ.لەدەرەوەی بازنەیەو دراوسێمانن.لەم لاوە خۆتان تێکداوە لەڕێگای 'کوردسات'ەوە باس باسی ڕیفراندۆمە کەچی ئاڵای کۆنی عێراق لەقەلاچوالان و سەرمێزی یەکە بەیەکەتانە ئەگەشێتەوە.ئالێرەیا ویژدان مانای چی کەگەورەو بچوکی کورد خەونی سەربەخۆی ئەبینێ، کەچی ئێوە ئەگەر ڕۆژنامەی زمان حاڵتان بخوێنیتەوە وشەی عێراقی نوێ لەیەکەمەوەیە بۆ دوبارە کرنەوە، لەهەموو سەر وتارو ووتەی حیزبیەکاندا کەلەوێ شت بڵاوئەکەنەوە.ئەویژدانەی بانگەوازتان بۆ ئەکرد لەکوێیە کاتێ 'کۆڵن پاوڵ' هات بۆ هەڵەبجە بەسەرو ملیدا بەماچ هاتنە خوارێ .کەهەموو خەڵکی هەڵەبجەی شەهید دەزانن لەساڵی 1988 دا هەر ئەوان بوون گڵۆپی سەوزیان بۆ حکومەتی بەعس هەڵکرد تا گازی کیمیاوی بەسەردا کردن.کەچی ئێوە لە گوڵ کاڵترتان پێنەوت .زۆر بەدەسکەوتێکی مەزنتان ئەزانی کاتێک مام 'پاوڵ' فرمێسکی تیمساحی بۆ ئەڕشتین.

ئێستاش بەناوی یەکێ لەو خەڵکە تێکۆشەرەی کوردستان باشوورەوە دوپاتی ئەکەمەوە،هەی ئەوانەی بۆتەنها ساتێک ویژدانتان ڕابەرتان نەبووە .وەرنەوە ڕیزی جەماوەری ستەم دیدەی خەڵکی کوردستان و دەست بخەنە دەستی ئەومیللەتە، بەیەک دەنگ سەربەخۆی بۆ کوردستان پێشەوامان بێ و ئاڵاکەی 'قازی'نەمر لەڕوحی هەمووماندا شەکەی بێ.ئەگینا مێژوی کورد شایەتی حاڵە کە ئەوەی لەگەڵ بزاڤی ڕیزگاری خوازی کوردا نەبووە زبڵدان چاوەڕیەتی .سومبولی خوێنی شەهیدان بکەن بەمەشخەڵی دەستان و بەرەو پێشەوە بەرەو خەونی سەدان ساڵەی کوردەوە هەنگاو بنێن ،تا شەمەندەفەری مێژوو بەجێی نەهێشتون،ڕێگامان چەند دوور بێ ئێمە کوردین هەر پێی ئەگەین .یان ئەوەتا دەبێ لەوێستگەی نسکۆی

www.kurdistannet.org
7-10-2003 15:25

خۆتانا بەدەم لەناوچونەوە بتلێنەوە.

شتوتکارت\ئەڵمانیا

03/10/03